# شەڕی کورسی لەکوێت

## ئەردەڵان عەبدوڵڵا

مێژوو پڕیەتی لەچیرۆک و رووداوی سەیرو عەجایبی شەڕی کورسی لەنێوان خێزانی پادشاکان . ئای هەزاران کورتەختی باوکیان لەناوبردووەو سەری باوکیان بەدەستی خۆیان بڕیوەتەوە. بەهەمان شێوەش هەزاران کوڕ لەلایەن باوکیانەوە سەریان براوەتەوە. ئەوەباشەری برا و براو لەولاوە بووەستێت. هەموو ووڵاتێک پڕیەتی لەم چیرۆکانە. قەیسەر ی گەورەی رووسیا ( پترۆسی گەورە ) پاش ئەوەی کوڕەکەی لەگەڵ قەیسەری نەمسا رێکەوتبوو بۆ لەناوبردنی ، پترۆسی گەورە پێی زانیوو ، ملی لەسەری لێکردەوە. بەڵام لەهەمووی سەیر تر کورەکەی کرۆمیلی ئیگلتەرا بوو، پاش ئەوەی باوکی مردو هاتە سەر تەختی حوکم . باوکی بە خائین لەقەڵەم داو ئەمری لەسێدارەدانی بۆ باوکی دەرکرد ، ئەوەبوو قەبرەکەی باوکی هەڵدایەوەو ئێسقانەکانی سەری باوکی لەلاشەی جیاکردەوە . لەسەردەمی کۆنیشدا فیرعەون جادووگەرێک پێی ووت کە منداڵێک لەدایک دەبێت و لەناوت دەبات . ئەوەبوو ئەویش ئەمری لەناوبردنی هەموو منداڵێکی کوڕی دەرکرد. بەڵام پاشان کورێک پەیدابوو وشۆڕشێکی گەورەی بەسەر فیرعەوندا کرد ( واتە مووسای پێخەمبەری جوولەکەکان ) . قابووسی سولتانی عومان ، پاش ئەوەی باوکی لەسەر تەختی پادشایەتی لابرد،خۆی تووشی گرێ یەکی دەروونی بوو ، سوێندی خواردبوو کە هیچ کات ژن نەهێنێت نەوەکوو کوڕەکەی بەهەمان دەردی ببات .( لێ هەندێک کەس پێیان وایە کە قابووس کەسێکی هاورەگەزیە واتە هۆمۆسێکسێول). پادشای قەتەریش کاتێک باوکی لەسەفەر بوو ، خۆی کرد بەپاشای ووڵات و باوکی لەحوکم و ووڵات دەرکرد . لەدیرۆکی کوردیشدا پڕیەتی لەحکایەت و رووداوی سەیرو سەمەرە ، دەبینیت هەر کورەو بۆتە جاشی عوسمان یان ئێران بۆ ئەوەی باوکی دەربکات . شەری کورسی هێندە زۆر، کە سەدەیا کتێبی دەوێت بۆ ئەوەی باسی بکەیت. ماوەیەکە لەکوێتیش پاش مردنی ئەمیری ووڵات، کێشەیەکی گەورە دروست بووە. لەلایەکەوە جێگری ( وەلی عەهد) سەعد صوباح خۆی بە ئەمیری ووڵات دادەنێت . لەلایەکی ترەوە صوباح ئەحمەدی سەرۆک وەزیر خۆی بە ئەمیر دادەنێت . گەرچی سەعد صوباح ئێستا ماقی خۆیەتی ببێت بە ئەمیری ووڵات ، لێ باری تەندروستی هێندەخراپە ،کەناتوانێت سوێندی دەستووری بخوات . کێشەکە هێندە گەورەیە کە هەندێک کەس ترسی شەرو پێکدادانی لێنیشتووە . ئەمە بۆ یەکەم جارە کێشەیەکی وا لە کوێت و ووڵاتێکی عەرەبیدا دروست ببێت . هەموو کات کوێتیەکان لەمیدیاکانیان گوێیان لە ( سموو الامیر ، خوا بیپارێزێت ، طویل عومر ، ئەمیر قلوب،،،،) بووە. کەچی ئێستا گوێیان لە شەڕی کورسی صوباح و سەعد ئال صوباح دەبێت . خەریکە ئەمیری قلوب ببێت بە ئەمیری شروووور!. لەلایەکی ترەوە ئەم کێشەیە دەریخست کە پەرلەمان و دەستووری کوێت زۆر بێ دەسەڵاتن ، هەموو دەڵێن هیوادارینکە ( العقلاء!! فی ال الصباح یحلون المشکلة!!) واتە ئەمان هیچیان لەدەست نییە.ووڵاتانی ئەورووپی ئەوانەی هێشتا سیستەمی پادشایەتی حوکمیان دەکات ، توانیوویانە کێشەی کورسی چارەسەربکەن . ئەویش بەدانانی دەستووری تۆکمە بۆ ووڵات و دوورخستنەوەی پادشاکان لەحوکمکردنی ووڵات . بەڵام زۆربەی ووڵاتە عەرەبیەکان هێشتا پادشاکان حوکمی ووڵاتەکان دەکەن و لەهیچ ووڵاتێکی عەرەبیشدا،دەستوورێکی هەمیشەیی نییە . گەر هەشبێت ئەوا وەکوو کوێتە هیچ دەسەڵاتی نییە . وەزعی ئیمارەتەکانی دەڤەری خۆشمان، لە ئیمارەتە عەرەبیەکان گەلێک خراپترە . گەر جاران خەلکی بە نابەدڵیەوە دەیانووت ( خوا تەمەنی سەرۆکمان بپارێزێت ) ، ئەوا دەبێت لەمەولا بە دڵێکی ساڤەوە ئەم دوعایە بکەن ،

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

چونكە سەرۆكەكانمان بەمردنیش هەر كێشەمان بۆ دەنێنەوە . هەربۆیە دوعابكەن كە سەرۆكەكانمان خوا بیانپارێزێت و هیچیان لێ نەیێت !.

ئەڵمانیا

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com